# هەورامان لە ئەنسارولسەددام پاك كرایەوە

ئامانج هەورامی

بە تێکشکانی تیرۆریستەکان لە هەورامانی خۆشەویست دەرکەوت ئەم تاقمەی کە ناوی خۆیان ناوە ئەنسارولئیسلام و لە راستیدا ئەنسارولسەددامن بە هیچ شێوەیەک خوا لە پشتیان نییە، چونکە ئەگەر خوا لە پشتیان بوایە، بەم شێوەیە پارچە پارچە نەدەبوون و تیکنەدەشکان.

هەورامان کە سەرچاوەی شیعر و سروشت و جوانییە لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستاندا، لێ سالانێکە بووەتە مۆلگەی ئەنسارولئیسلام و ئەم سەرلێشێواوانە پێیان وابوو کە دەتوانن کوردستان بۆ سەدە تاریکەکانی ناوەراست بگەرێننەوە، ئەم ریشنە پیس وپۆخلانە ئەیانووست لە بارو دۆخی ناائاسایی کووردستان کەلکئاوەژوو وەرگرن ولە ئاوی لێخندا ماسی بگرن ! بۆ ئەو ئامانجە تەنانەت ئیسلامەتییان بە پارە ئەکری و ئەفرۆشتەوە !!!ئەوەی نوێژی بکردایە یان رۆژووی بگرتایە پارە و پاداشتییان ئەدایە !!! لە کاتێکدا بە گوێرەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز پاداشتی موسلمان لەو دونیا و لە لایەن خوای مەزنەوە ئەبێت، نەک لەلایەن مەلاکرێکارەوە! هەموو خەلکی کوردستان دەزانن کە مەلا کرێکار نەک هەرناوی رێکخراوەکەی بەلکوو ناوەکەی خۆشی چەواشە داناوە ! چونکە لە کوردستاندا ئەوەی مەلا بێت کرێکار نیە وئەوەیش کرێکار بێت مەلا نیە. . . لە راستیشدا هەندێ لە مەلاکان بۆرزگاربوون لە کرێکاریی ئەو پیشەیەیان هەلبژاردووە، کە ئەویش یەکێکە لەوانە و هەندێجاریش بە درۆ دەیووت کرێکارانی جیهان یەکگرن !!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣